# ڕەنگی شین بۆ ڕۆژی مارەبڕین و نیشانکردن و ئاهەنگ

کچان و خانمان، بە تایبەت ئەوانەی نیازیان وایە بچنە ئاهەنگ و زەماوەندێك، یان لە بۆنەی لە دایك بوونی هاوڕێیەکی خۆیان بەشـــدار بن، تەنانەت ئەوانەی ڕۆژی نیشـــان و دەســـتگیرانی و مارەبڕینیان لە پێشە، بیر دەکەنەوە ئاخۆ چ جلێك گونجاوە بۆ ئەو شوێنانە، تۆش ئەگەر نیازت وایە جلێکی جوانت لەبەر بێت و هەموو ئەوانەی دەوروبەرت بڵێن، ئەو جلە نایابەت چۆن هەڵبژاردووە و لە کوێت پەیدا کردووە، جوانترین و نایابترین جل بۆ ئەو کات و شوێنانە،



## باوی کاتژمێر بە ئێکسسوارە بۆ دەست و مەچەک



## چۆن پارێزگاری لە جوانیی پرچت دەکەیت

دەتوانی کراسێکی درێژ لەبەر بکەیت، ئەو کراسانەی کە سەراپای جەستە دەگرێت و بەسەر باڵاتەوە دێتە خوارەوە، جاران لەو یاد و بۆنانە، زیاتر جلی کاسواڵ دەپۆشران، وەك پانتۆڵی جینز و تەنوورە، کەچی ئەو دوو جلە وێڕای ئـــەوەی بێزارت دەکات، هەروەها جلی ئاهەنگ و بۆنە و زەماوەند نییە، کراســـی درێژ، لە دوو شـــێوازەوە هەن، یەکێکیان کراســـی درێژی ســـادەیە، کە سەرەوەی کراوەیە و شانەکانی دیارن، شـــێوەی دووەمیش کراسی درێژی پەڕپەڕ و بە نەخشە، هەروەها بەشی سەرەوەشی داپۆشراوە، لە بارەی ڕەنگی کراسەوە، جوانترین ڕەنگ بۆ بۆنە و ئاهەنگ و یادی تایبەت، کراسی درێژی ڕەنگ شینە، کە سەرنجڕاکێش و نایابە لە جوانیدا.



جاران، کاتژمێرەکانی دەستی کچان و ئافرەتان، زیاتر کاتژمێری سادە و بچووك بوون، بەبێ هیچ ئێکسسوارێکەوە لە دەست دەکران، کە ئەوەش مۆدەی کلاســیك بوو، هەر لەســـەر ئەو مۆدە کۆنانە شـــێواز و مۆدەکەیان هەڵبژاردبوو، کەچی شێوازی باوی ئێستا، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە تایبەت لە وەرزی هاوین و پاییز، مۆدێکی دیکەی کاتژمێری دەســـت دەرکەوتوون، کە جیاوازە لە شێوازی پێشوودا، بەهۆی ئەوەی لەم دوو وەرزەدا جلی تەنك و بێ قۆڵ لەبەر دەکرێن، بۆیە شوێنی کاتژمێر دیار دەبێ و دەردەکەوێ، دانانی چەند ئێکسسوارێك لەگەڵ کاتژمێردا سەرنجڕاکێش دەبێ، کە دەتوانین ئێکســـــوار بە دوو ڕێگە لەگەڵ کاتژمێر ببەستین، یەکەمیـــان، ئەو کاتژمێرانەی ئێکســـــواری لەگەڵە و بەیەکەوە دروست کراون، کە ئەوانەش کاتژمێری بە ئێکسسوارە و کچانیش دەتوانن ئەوەی بە دڵیانە هەڵیبژێرن و لە دەســـتیان بکەن، ڕێگەی دووەمیش گونجاندنی ئێکسسوارە لەگەڵ کاتژمێرەکاندا، بەتایبەت ئەو ئێکسسوارانەی لە شێوەی دەستبەند و بازنن، کە دەکرێ هەر یەکە لەم ئێکسسوارانە لەگەڵ کاتژمێرێکی سادەوە لەنزیك یەکتر ببەســـترێ و بەمەش مۆدی تازەی کاتژمێر بە ئێکسسواری لێی دەردەچێت.



کچان و ئافرەتان، ڕۆژانە لە خەمی هەڵوەرینی تاڵە مووکانی پرچیان نیگەران و بێزار دەبن، بە تایبەت لەو کاتانەی کە پرچیان شـــانە دەکەن، یان سەریان دەشۆن، ئەو هەموو تاڵە مـــووە دەبینـــن کە نێو لەپ و ژێر قاچیان بەردەبێتەوە، تەنانـــەت هەندێکی دیکەش زۆر بە گلەیی و نیگەرانن لە جوانی قژیان، جگە لەوەی ئەوەندە خەریکی دەبن و بەڵام جوانی پرچ و ئەگریجەی شـــێوازی تەســـریحەکانیان بە دڵ نییە، بۆ ئەوەی پرچت جوان و ڕازاوە بێت، وەك ئەوەی تازە لە ئارایشگا گەڕابیتەوە، دەتوانی سوود لەم چەند خاڵە وەربگریت بۆ جوان کردنی قژت :

- شێلانی سەر و پرچ، هەنگاوێکی گرنگە لە جوانی و خاوکردنەوەی پرچت، ماوە ماوە پرچت بە ڕۆنی زەیتوون تەڕ بکە و بشێلە، کە دەتوانی بڕێك ڕۆن لەنێو لەپەتدا دابنێیت و لە ناوەڕاســـتی ســـەرت پەرت بکەیت، پاشان بە پەنجەکانت پێستی سەرت بشێلە تا ماوەی (١٠) خولەك، بەم جۆرە ڕەگەکانی مووەکان سوود لە شێلانەکە و ڕۆنەکە وەردەگرن و دوور دەکەونەوە لە هەڵوەرین و لوول بوون.

- لە وەرزی هاویندا، جەستەی مرۆڤ بڕێکی زۆر ئاو سەرف دەکات و ناهێڵێت، بۆیە پێستی سەر پێویستی بە بڕە ئاوێکی گونجاوە تا ڕەگی تاڵە مووەکان تەڕ ببێ و دوور بێت لە وشـــك بوون و پاشـــانیش هەڵوەرین، بۆیە تا دەتوانی ڕۆژانە نزیکەی (٦ تا ٨) گڵاس ئاو بخۆیتەوە.

- نیگەران و دڵەڕاوکێ، کێشەیەکی دیکەیە کە جوانی پرچت تێکدەدات و تووشی هەڵوەرینی دەکات، چونکە کاتێك خانمان نیگەرانی کێشە و گرفتێك دەبن، کار دەکاتە سەر سپی بوون و هەڵوەرینی مووەکان سەر، بۆیە تا دەتوانی لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بە دوور بە.

- تا دەتوانی چای ســـەوز بخۆرەوە، ئەگەر بەردەســـتیش نەبوو، دەتوانی لە ماوەی هەفتەیەك بۆ دوو یان سێ جار ئەو چایە نۆش بکەیت، چونکە سوودی بۆ پێست و مووەکانی پرچ هەیە.

- خواردنەوەی زۆری قاوە و نســـکافە و چای، ئەوانەی کە ماددەی کافایيان تێدایە و خواردنەوەی زۆریشـــی کاریگەری ڕاســـتەوخۆی لەسەر پرچت دەبێ و بۆیە لێیان بە دوور بە، یان دەتوانی بە ڕێژەیەکی کەم بیانخۆیتەوە.



## گوندی پـــــــــــ

ئەگەر بۆت ڕێکەوت و گەشتێکت بۆ وڵاتی چین کرد، لەناکاو ڕێگەت کەوتە گوندێك و لەم گوندەدا، هەموو ئافرەتەکانت بینی پرچیان لەژێر قاچیان بوو، لەلات ئاسایی و بڵێ ئەو زانیاریە دەزانم، چونکە لەو گوندەدا، ئافرەتان و کچانی ئەو شوێنە، هەموویان پرچیان لە ژێر چۆکەوە بەرەو خوارەوەیە، ئەو گوندە ناوی (هیوانگلۆ)یە، لە چین، کە لەم ناوچەیەدا، پرچی مرۆڤ بە نرخە و پیرۆزە لەلایان، هەر بۆیە هەموو خانمانیان پرچیان هێشتۆتەوە و تا وای لێهاتووە کە وەك ئاسەوارێکی بۆماوەیی

## دایکی (٦) منداڵ دەبێتە شاجوان



زۆربەی ئافرەتان و خانمان وا بیر دەکەنەوە کە لە دوای هاوسەریدا، ئیدی جوانییان نامێنێت و بەرەو پیر بوون و گرنگی نەدان دەچن، تەنانەت ئەوەندە گرنگی بە خۆیان نادەن وەکو لە پێشوودا هەردەم خۆیان وەك شازادەیەك دادەنا، بە پێچەوانەی ئەو ئافرەتە لە وڵاتی ڕووسیا، کە پێچەوانەی زۆربەی ئەوانەیە کە دەڵێن، لە دوای ژیانی هاوسەری جوانی نامێنێت، هەر بۆیە بیری لەوە کردەوە کە خۆی بپاڵێوێت بۆ پێشبڕکێی شاجوانانی وڵاتەکەی، ئەو ئافرەتە ناوی (یەکترینا کێریمێل)ە و تەمەنی (٣٧) ساڵە، ئەوە جگە لەوەی کە (٦) منداڵی هەیە، دوای بەشداری کردنی لە پێشبڕکێی شاجوانی وڵاتەکەی بە بەشداری نزیکەی (١٥) خانمی دیکە، کە دوای پێشبڕکێیەکی توند، نازناوەکەی بە دەست هێنا، ئەو ئافرەتە دانیشتووی شاری (سان بیترسبۆرگ)ە و دوو بڕوانامەی هەیە کە لە دوو زانکۆدا بەدەستی هێناوە، تەنانەت یاری لەشجوانی و بەرزکردنەوەی قورسایش دەکات، بەهۆی بوێری خۆیەوە توانی بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانی بکات و بەمەش نازناوی شاجوانی وڵاتەکەی بەدەست هێنا.

## سەیرترین کەشتی و هۆتێل ببینە!



بیرۆکەکانی ئێستا بەرەو کاری ناوازە و تایبەت ڕێگەیان گرتووە، زیاتریش ئەو بیرۆکانەیە کە تێکەڵی نێوان دوو بوار و لایەن بکەن، تا بتوانن سەرنجی کەسانی دیکەی پێی ڕابکێشن، ئەوەتا باڵەخانە لە شێوەی باڵندە و کەرەستە دروست دەکرێن، کەشتی دەکرێتە میوانخانە و هۆتێلیش لە شێوەی کەشتییە، هەموو ئەوانە و چەندین بیرۆکەی دیکە جێبەجێ کراون و ئێستاش بوونەتە بەرهەمێکی تازە، ئەوەی دەیبینن هەم هوتێلە و هەم کەشتییە، ئەگەر حەزت کرد بچیتە نێو کەشتییەکەوە، دەتوانی سەر ئەو کەشتییە گەورەیە بکەویت، ئەگەریش دەتەوێ خەوێکی خۆش لە نێو دەریا و ڕووبارە گەورەکاندا بکەیت، دەتوانی بچیتە ئەو هۆتێلە، ئەوە بیرۆکەی ئەندازیاری شارستانی وڵاتی پیرۆ (جۆردی بوینگ)ە، کە دوای ئەوەی توانی گەورەترین و سەیرترین کەشتی و هوتێل دروست بکات، ئەو کەشتی و هۆتێلە نزیکەی (١٦) ژووری جۆراوجۆری تێدایە، لەگەڵ یاریگایەکی وەرزشی و شوێنی مەلە کردنە، کە هۆتێلە کەشتییەکە وەك هۆتێلێکی (٥) ئەستێرە دادەنرێ و نزیکەی (٢٤) کارمەند لەسەر ئەو هوتێلە کەشتییە کار دەکەن.












## گەورەترین فیستیڤاڵی جمک و دووانە

له سەیرترین فیستیڤاڵی تایبەت و بۆ ئەوانەی کەسێکی دیکە هەن بە خۆیان دەچێ، دەگوترێ لە جیهاندا (٧) کەس هەن هاوشێوەی خۆتن، لە شێوە و ڕەفتار و سیمای ڕووخسار و لەش و لاردا، وێڕای ئەوەی کە جمکەکانیش هەن، جمکی دووانە و سییانە و تەنانەت ئێستا چوارینە و پێنجەمینیش دەرکەوتوون، بەڵام ئەوەی باوە و لە نێو خەڵکدا دیارن، هاوشێوە و جمکەکانن، بۆیە لە ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکی، کە زۆرترین ژمارەی جمکی جیهان لەو ویلایەتەدا دەردەکەون، تەنانەت (٤٠) ساڵە بە بەردەوامی فیستیڤاڵی جمکەکان دەکرێت، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٧٥) کە ڕێژەی جمك لەم ویلایەتەدا گەیشتبووە نزیکەی (٨٠٠) جمك، سەمەرەی ئەو جمکانەش لەوەدایە کە شێوەیان زۆر لە یەکتر دەچێ، ڕەنگە هەندێ لە جمکەکان جیاوازیان هەبێ، بەڵام جمکەکانی ئەو ویلایەتە تەواو لە یەکتر دەچن و جیا ناکرێنەوە، فیستیڤاڵی ئەو ساڵی جمکەکانی ئۆهایۆ بە بەشداری (٢٠٠٠) دووانە بەڕێوە چوو، هەروەها ئەو جمکانە بەشدار دەبن کە زیاتر لە دوو، سێ، چوار جمك !

## رچ درێژەکان!

لێبێت و هەر لە منداڵییەوە، کچەکانیان پرچ درێژن، دانیشتوانی ئەو ناوچەیە نزیکەی (٨٢) خێزان دەبن و ڕۆژانە کچە شۆخ و ئافرەتەکانیان لەسەر ڕووبارێکی گوندەکەیان پرچیان دەشۆن، جگە لەو ناوەدا، ناوێکی دیکەشیان بۆ ئەو گوندە داناوە کە (گوندی پرچ درێژانە)، نزیکەی (١٢٠) ئافرەت لەو شوێنەدا هەن، درێژی پرچی هەر یەکەیان لە (١١٧) سەنتیمەتر کەمتر نییە، واتە زیاتر لە مەترێك و درێژترینیشیان نزیکەی (٢١٠) سەنتیمەترە واتە زیاتر لە دوو مەتر.



# ئەو تەلارە رەنگینە بزانە چییە و لە کوێیە!

ئەگەر لە دوورەوە سەیری ئەو کۆشکە و تەلارە جوانە بکەیت، رەنگە لە خۆتەوە بڵێی، ئاخۆ دەبێ ئەوە کۆشکی چ کەسێك بێت تا بەم جوانی و ئەندازەیەی دروست کردووە، کەچی لە راستیدا ئەوە یەکێکە لە وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی رووسیە، دوای ئەوەی ویستیان باڵەخانەی وەزارەتی کشتوکاڵی رووسیای فیدراڵ دروست بکەن، پێیان وابوو کە دەبێ لە شوێنێکی کشتوکاڵی بێت و گوزارشت لە دار و بار بکات، هەر بۆیە لە شاری کازانی رووسیا ئەو باڵەخانەیە دروست کراوە، کە واجیهەی باڵەخانەکە لە دەروازەیەکی گەورەیە، لە نێو دەروازەکەشدا، دارێکی گەورەی تێدایە، کە کەوتۆتە ناوەڕاستی رووی پێشەوەی باڵەخانەکە، ئەو باڵەخانەیە لەلایەن ئەنتیکای ئاوەدانکردنەوەی ئەندازیاری رووسیا دروست کراوە، ئەو باڵەخانەیە لە ساڵی (٢٠٠٠) دروست کراوە و بەم دواییەش کاری جوانکاری لەسەر کراوە.



# هاوشێوەی کریستیانۆ دەرکەوت!

زۆرن ئەوانەی لاسایی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ناوخۆیی و جیهانی دەکەنەوە، بە تایبەت ئەوانەی خولیای وەرزشن، زیاتر لاسایی جووڵە و هەنگاوەکانی یاریزانە بەناوبانگەکان دەکەنەوە، زیاتر لاسایی ئەو یاریزانانە دەکرێتەوە کە سەر و سیمایان جوانە






### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەندێ جار وا هەست دەکەیت خۆت ون کردووە و بەمەش زۆربەی کات متمانەت بە خۆت نییە و تووشی گرفت دەبیتەوە، ماوەیەکە لەگەڵ کەسانی دەوروبەر دوورەپەرێزی و بۆیە چاکترە نزیك بیتەوە، کەسایەتیت جوانە و لە بواری هەستەوە کەسێکی گرنگیی زۆر بە دڵت دەدەیت ئەمەش باش نییە بۆت.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەر هەنگاوێك دەهاوێژی، دەبێ بیر لە داهاتووی بکەیتەوە و ئەنجامەکانی قبوڵ بکەی، ئەو کەسەی ماوەیەکە گرنگیت پێدەدات، مەبەستێکی هەیە و ئارەزووی زیاتری ناسینی تۆیە، هەڵەکانت بە پەشیمانی دەرمەبڕە و بەڵکو وانەیان لێ وەربگرە، ئەو کارەی ئێستات پێوەی خەریکی سەردەگرێت و بەردەوام بە.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەرژەوەندیی خۆت لەلات گرنگ بێت و نەوەك خۆت بکەیتە قوربانی هەست و نەویستی کەسانی دیکەوە، چونکە لە کۆتاییدا قەدری ئەو قوربانییەت ناگرن، لەگەڵ کەسێك ماوەیەکە کێشەتان هەیە و تێگەیشتن نەماوە، دەتوانی زیاتر روونتر و کراوەتر لەگەڵی بگونجێ و تێبەگەینە چت لەو کەسە دەوێ.




### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەر کاتێك بتەوێت کارێك جێبەجێ بکەیت، رەنگە بۆت گونجاو نەبێ، هەر ئەوەشە وای کردووە کە کێشەت هەبێ لە متمانە بە کارەکانت، ماوەیەکە بێزاری و دەتەوێ خۆت بە ژیانی کەسانی دیکەدا خەریك بکەیت، باشترە چاوێك بە هەنگاوەکانتدا بخشێنیتەوە و چارسەریان بۆ بکەیت، کەسێکی بەسۆزی.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ژیانت لەخۆت تێکداوە و هەر ماوەیەك بە شتێك دەگریت و پاشان لێی پەشیمان دەبیتەوە، چاکترە لە یەك کاتدا بە چەند هەنگاوێکەوە خەریك بیت، نەوەك ماوەیەکی زۆر بە کاریك بیت و ئەنجامەکەشی نەبێ، ئەمەش تووشی بێزاریت دەکات، بیر لە داهاتووی خۆت بکەوە و ژیرانە بڕیار دەدەیت.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەو کاتەی نیازت وایە بیر لە بڕیارێکی ژیانت بکەیتەوە، دەبێ بزانی داهاتووی ئەو بڕیارە چۆنە، چونکە زۆر جار لە خۆتەوە بڕیار لەسەر هەنگاوێك دەدەیت و لە ئەنجامیشدا دەڵی بۆ وای لێهات، لەگەڵ کەسێکی خۆشەویستت دەتوانی کارەکانت چاکتر جێبەجێ بکەیت و ئەویش پێویستی بە تۆیە.



و یاریزانی باشیشن، لەلای خۆشمان زۆربەی گەنجان و کوڕان لاسایی سەر و پرچی یاریزانەکان دەکەنەوە، بەڵام ئەو کوڕە ناوی (شانتا)یە، لە وڵاتی دانیمارك، تەمەنی (١٧)ساڵە، تا ئێستا هەزارەها دۆلاری لە نەشتەرگەری و جوانکاری خەرج کردووە، تا شێوە و سیمای لە شێوەی یاریزانی پورتوگاڵ و ریال مەدرید (کریستیانۆ رۆناڵدۆ) بچێ، وەك خۆی دەڵێ : نازانم چەندم سەرف کردووە تا شێوەم لە شێوەی کریستیانۆ بچێ، بەڵام دڵخۆشم بەو کارە و تا ئێستاش چەندین جار لەگەڵ ئەو یاریزانە بووم و وێنەمان بەیەکەوە گرتووە.


## پەند و وتە



**- ڤۆڵتێر، گەورە نووسەر و فەیلەسووفی فەڕەنسی دەربارەی تێنەگەیشتن و ناکۆکی دەڵێ :**

ئەو ناکۆکیە زۆر و بەردەوامەی نێوان دوو لایەن، لە دوو هۆکاردا خۆی دەبینێتەوە، یەکێکیان مانای ئەوەیە لایەنێك راستە و ئەوەی دیکە هەڵەیە، ئەوەی هەڵەیە نایەوێ دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت، ناشیەوێ دان بە راستی بەرامبەرەکەی دابنێت، یان ئەوەتا هەردوولایان هەڵەن و هیچ لایەنێك نایەوێت دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت.

## کاریکاتێر



- لەم کاریکاتێرەدا، باس لە واقعی ئێستا دەکات، کە کەسانێك هەن لە جیاتی دەستی یارمەتیت بۆ درێژ بکەن، کەچی رێگەی لە ناوچوونت بۆ خۆش دەکەن !

## بۆ زانیاریت


**کراسی بووك :**

هەموو دەزانین کراسی بووك سپییە، ئەوەش بۆ سەردەمی رۆمانەکان دەگەڕێتەوە بەر لە سەدەی (١٩) هەمین، کە ئەوکاتە بووك هەموو جۆرە جلێکی لەبەر دەکرد، تا ئەو کاتەی شاژنی بەریتانیای ئەو کات ناوی (شاژن ڤیکتۆریا) بۆ یەکەمین جار جلی سپی لەبەر کرد، کە ئەو رۆژە زۆر بە جوانی دەرکەوتبوو، هەر بۆیە کچانیش دیکەش چاویان لە ئەو کرد و بووە بە نەریت، هەروەها دەگوترێ کە سپی هێمایەکە بۆ دووربوون لە رۆحی ناپاك و پیس، بۆیە لە کیشوەری ئەفریقیاوە بووە نەریتێك جلی سپی بۆ بووك دانرا، لەلایەکی دیکە دەڵێن : وەك چۆن لە کاتی شەڕدا ئەوەی تەسلیم ببێت ئاڵای سپی هەڵدەدات بە مانای قبوڵ کردن، بەم جۆرە جلی سپی بۆ بووك دانراوە بەمانای قبوڵی ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەری، نەریتێکی دیکەش هەیە کە دەگوترێ نابێ زاوا کراسی بووك ببینێت، دەڵێن: لە پێشوودا زۆربەی ئەو زاوا و بووکانەی کراسی بووکێنییان پێکەوە کڕیوە، پاشان شتێکیان بەسەر هاتووە و بۆیە ئەوەش بۆتە نەریت.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

وێڕای ئەو هەموو چاکەیەی لەگەڵ ئەو کەسەت کرد، کەچی گرنگ نەبوو لەلای و هەر خۆشت دەبێ بۆی نزیك بیتەوە، واچاکە ماوەیەك لەو کەسە دوور بکەویتەوەو تا بتوانی قەدرت بگرێ و نرخت بزانی، خۆت دەخەیتە ناو کێشەی کەسانی دیکە بۆ چارەسەری و دواتریش بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بریارەکانت لە ژیانی تایبەتیتدا گونجاوە و شیاوە، بەڵام تۆ کێشەت لەگەڵ کاتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانە، چونکە هەندێکیان پێویستیان بەوەیە ماوەیەکی دیکە کاریان لەسەر بکەیت و هەندێکیشیان لەناکاون، گرنگی کەسێك بێزارت دەکات و بەڵام دەبێ بە دڵێکی فراوان وەریبگریت و کەسێکی دوو دڵی لە ژیان.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

پێویست ناکات چاودێری کەسانی دیکە بکەیت، هەوڵبدە چاودێری باری ژیانی خۆت بکەیت، کەسێکی شیاو دەیەوێ لێت نزیك بێت، هەنگاوی ئێستات لە داهاتوودا ئەنجامەکەی وەردەگریتەوە، ماوەی داهاتوو ساتە وەختێکی پڕ بەخت دەبێ و شتێکی بە نرخ بە دەست دەهێنیت.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

شێوازی بیر کردنەوەت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت جیاوازە، هەر بۆیە ئەوانیش وا بیر دەکەنەوە کە تۆ ناتەوێ لەگەڵ ئەوان نزیك بیتەوە و کەسایەتیت لەگەڵ ئەوان دوورە، ئەو کارەی بۆ ئەو کەسە کردت جێگەی بە نرخە لەلای ئەو کەسە، ئەویش دەیەوێ پاداشتت بداتەوە و لێی قبوڵ بکە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بروات بە کارەکانت هەبێ و چونکە لە ماوەیەکی نزیکدا لە زۆربەی هەنگاوەکانت سەرکەوتوو دەبیت، کەسێکی باش دێتە نێو ژیانتەوە و هاوبەشی بڕیارەکانت دەبێ، ئەوەی ئێستا رێگەت گرتووە، پێویستی بە نوێ کاری هەیە، بریاری ئێستات پێویستی بە بیرکردنەوەی زیاترە و دڵت گەورە بێ.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

رابردووی کارەکانت لە بیر مەکە و بزانە هەڵەکانت لە کوێ دەبینیتەوە، بڕوات بە داهاتووت هەبێ، چونکە بەرەو چەندین ئەنجامی گرنگی کارەکانت دەچیت، هەندێك لە مامەڵەکردنەکانت نەشیاوە و بەدواداچوونیان بۆ بکە، لەگەڵ کەسانی دەوروبەر نەرم بە، بیرت لای کارەکانت بێت.